

# تةشويشى راديؤكةو دةرزى سنجاق

پوزەوانەکەم هەڵکێشاو پاش بەستنی تاقمو تفەنگەکەم، جانتاکەم کردە ملو کالە ئەدیداسەکانم سەرێ کێشاو چوومە سەر حەوزی مزگەوتەکە.

هەم هاژەی ئەو ئاوەی دەڕژایە ناو حەوزەکەو هەم جریوەی چۆلەکەی سەر پیرەداری بەردەم حەوزەکە، بۆمن ئەفسونێکە هێشتا رۆحم تینویەتی.

ئەو ئاوە ئێجگار ساردە، بەتەواوی ماناو هەستی مانگی بەفرانباری پێدەبەخشیت.

هەرزوو دەستو دەمو چاوم شۆردو بەپشتێنەکەم بەخاولییە هەمیشەییەکەم کەخاکییەکی سادە بوو، وشکم کردەوە.

دەمویست ریشیشم بتاشم، بەڵام ساردی ئاوەکە ئەو بیرکردنەوەی لابردم، من بۆئەوە نەمدەویست ریشم بتاشم کە زۆرە یاخود ئارەزوومە، نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەمویست ریشم کە لەپەڵە گەنمی جوتیاری هەژار دەچوو، پەڵەپەڵە بوو، لاببەمو ریشم پڕببێتەوە.

هێشتا  سەرقاڵی هەڵکێشانی پاژنەی ئەدیداسەکەم بووم، کە بانگیان کردم: هاوڕێ، ئادەی رادیۆکەمان بدەرێ، بزانین فەیرۆز ئەم بەیانییە چیمان بۆ دەڵێت.

بەچاوان هەر ئێستا"ئیدی رادیۆکەم داگیرساندو کەوتمە گەڕان بەدووی فەیرۆزدا، هێشتا نەمتوانیبوو بەیانییەکی نوێ لەگەڵ دەنگی فەیرۆزدا دەست پێبکەین. کە"تەشویش"ـەکەی سەر رادیۆکە تەواو بێزاری کردمو تورەی کردم، تورە وەك یەکەم فیشەکی راپەڕین، تۆڕە وەك تۆڵەسەندنەوەو سەرکەوتنی داستانی دابان هەلاجو سەری رەش، تورە..وەك..

کۆڵم نەدا ئەو بەیانییەشمان لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەی فەیرۆزدا دەست پێکرد.

کۆڵمان نەداو بزەیەکی گاڵتەجاریشم بۆ تەشویشەکە هەبوو، چونکە نەیدەتوانی وابکات ئێمە

کۆڵبدەین، چونکە ئـەو تەشویـشە لای ئێمـە کـە بەپێـشمەرگەی هـەرزە نـاودەبراین،(چـونکە هێـشتا تـەواو مووماـن لێنـەڕوابوو) جێگـەی گاڵتـەجاڕی تـەواویش نـەبوو، هـەروەك چـەند دەنگێکـی کـەم لـەو دەنگـە ناسازانەی ئەو کاتی شۆڕش‌و شاخ.

هەروەك چۆن ئێمە"پێشمەرگە" کۆڵمان بەتەشویشەکەدا، هەرئاواش ئەو دەنگە ناسازانەمان لەبن هێنا، چۆن!!!

لە رۆژگارەکانی ئەو سەردەمەدا، برادەرێك کە لەجێگەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی گوندنشینداو لەبەر بەرۆچکەی مزگەوتێکدا دانیشتبوو قسەی بۆ دەکردن، باسی لەشۆڕشی نوێ‌و هێزی پێشمەرگەو بەگژداچوونەوەی حکومەت کردبوو، ئەوکات ئەو قسانە مانای تایبەتی خۆیان هەبوو.

ئەو برادەرە، لەکۆتایی قسەکانیدا وتبووی:"برادەرینە من پرسیارێکم هەیە، ئایا ئێوە بڕواتان وایە ئەم کێوی پیرەمەگرونە کە لەپشتمانەوەیە، دەتوانین بەدەرزی سنجاق بیڕوخێنین.

ئەوانیش هەموو پێکەوە وتبوویان نەوڵڵا مەحاڵە.

کاکی بەحساب خاوەن بیروباوەڕیش وتبووی دەوەڵڵاهی شەڕی ئێمەش لەگەڵ حکومەت وەهایە!!

رۆژگار رۆشت‌و من چەند رادیۆیەکم گۆڕی‌و هی نوێترم لەشارەوە بەدیاری بۆ دەهات، بچووك‌و تەنك بۆ گیرفان‌و کۆڵەپشت قەبە نەبوو.

هەر ئەو کاتەو ئەو بەیانییە پاش نانی بەیانی گوندی زێوێ-مان جێهێشت‌و رووەو قزلەر بەڕێکەوتین بۆ جەولە، گوێمان لەدەنگی فەیروز گرت‌و چەندی رۆژو مانگ‌وساڵیش تێدەپەڕی‌و تەشویشەکە هیچی بۆ نەکراو هەر ئێمە کۆڵمان بەودا.

هەروەك چۆن کێوی پیرەمەگرونەکەی ئەو برادەرەمان بەدەرزی سنجاق لەبنهێناو رووخاند.

ئێستاش بەیانیان‌و بەیادی بەیانیانی رۆژانی بەفرانبارو خەزەڵوەرو پووشپەڕی ئەو سەردەمەوە هەر گوێ لەفەیروز دەگرم،بەڵام ئێستا بەبێ تەشویش‌و بەبێ کێوی پیرەمەگرونەکەی ئەو برادەرە.